# ژنانی شێوەکار لەباشوری کوردستان



بەختیار سەعید

# ژنانی
# شێوەکار لەباشوری کوردستان

بەختیار سەعید

## پێشەکی

لەدوای سازدانی چەندین دیدارو بڵاوکرنەوەی هەواڵی پیشانگەی تایبەتی و هاوبەشی ژنانی شێوەکاران لەسەر ئاستی باشوری کوردستان و زۆرێك لەو شێوەکارانەی کە لە دەرەوەی کوردستان نیشتەجێ بوون، ئەو بیرۆکەیەم لەلا گەلاڵە بوو کە پێویستە کوڕاسەیەك هەبێت ژنانی شێوەکاری باشوری کوردستانی تێدا کۆکرابێتەوە، هەروەکو چۆن ئەو کارە بۆ شێوەکارەکانی تر ئەنجامدراوە ئەو تایبەتمەندییەش ببەخشرێتە مێژووی ژنانی شێوەکار لە باشوری کوردستاندا، ئەنجامیش کوڕاسەکەش بەناوی (ژنانی شێوەکار لە باشوری کوردستاندا) ناولێنراو بۆ ماوەی پێنج مانگ بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەدەستهێنانی کاری ژنە شێوەکارەکانی (سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك، خانەقین)ەوە سەرقاڵ بووم و بوونە بەشەکانی ناو ئەم کوڕاسەیە.

گرنگی ئەم کارە لەوەدایە کە جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەکو هەر میللەتێکی تر شانازی بە کارو بەرهەمە دانسقەکانی ژنانی وڵات و میللەتەکەمانەوە بکەین و بیانکەینە پاسپۆرتێك بۆ شانازی کردنی هونەری شێوەکاری لە باشوری کوردستاندا، هیوادارم ئاواتەکەم بەقەدەر خزمەتەکەم بووبێت و توانیبێتم بەمکارەم ڕێزی خۆمم بۆ ژنانی شێوەکار لەم بەشەی کوردستاندا نیشان دابێت.

بەختیار سەعید

٢٠١١/٢/١٠



## ژنانی شێوەکار لە هەرێمی کوردستاندا

هونەری شێوەکاری لە باشوری کوردستاندا تەمەنێکی هێندە دێرینی نییە تاکو بتوانرێت قۆناغەکان و ستایل و جۆری ئەو ماتریالانەی کە بەکاریان هێناوە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کارکردنی ئەم ژنە شێوەکارانە دیاری بکەین، هەرچەندە ئەم هەرێمە خاوەنی یەکەمین پێگەی مرۆڤایەتییە کە گوندی (چەرمو)ی نزیك شاری چەمچەماڵە کە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەم گوندەوە دەستیپێکردووە.

هەروەها میللەتی کورد لەهەمانکاتدا پێش ٧٠٠ ساڵ پێش زاین خاوەنی ئیمپراتۆرێك بووە بەناوی (ماد) کە خاوەنی دەسەڵات و پێگەیەکی گرنگ بوون لە میزوپۆتامیا و دواتریش لەهەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە حکومەتە داگیرکارییەکان و ناوخۆکانیش کە لە کوردستاندا دەسەڵاتداربوون هونەر هەبووە، بەڵام هەرگیز تۆمارنەکراوەو کەمن ئەو ناوانەی کە ئێستا وەکو خاوەنی کارەکان ناویان هەبێت، چ جای ناوی ژنانی شێوەکار.

هاتن و داگیرکردنی ئیسلامیش بۆ خۆی هێندەی تر تواناو پێگەی ژنان لەلایەك و هونەر بەگشتی کەنارتر خستووە، بەڵام لە رابردوودا ژنان هاوکاری هەموو ئەو کارە سیرامیکیانە بووە کە پیاوان بۆ پێداویستی ژیان، یاخود بۆ جوانی ئەنجامیانداوە، هەروەها هۆکاربوون بۆ جوانکردنی ماڵ و نەخشاندنی چەندین کلێشەو هێمای تایبەت لە جلووبەرگ و پێداویستییەکانی تری ژیانیان کە هەموویان هەڵقوڵاوی هزری ژنەکان خۆیان بوون.



گەردن بەندێکی زێڕین ، دەسکردی ماناو ماد ، سەدەی هەشتەمی (؟) پێش زاینی ··

هەرچەندە سەرچاوە جیهانییەکان باس لە کۆنترین کاری هونەری دەکەن کە دۆزراوەتەوە تەمەنەکەی بۆ ٢٥-٣٠ هەزار ساڵ پێش مێژوو دەگەرێتەوە کە پەیکەری ژنێکە بە بەرزی ١١ سم کە لە ناوچەی (ویلندورت)ی نەمسایی دۆزراوەتەوە، هەروەها پەیکەری پیاوێك بە بەرزی ٢٠ سم کە مێژووەی کە هەمان مێژووی پێشووە کە لەناوچەی (برنو)ی چیکۆسلۆفاکیا دۆزراوەتەوە.

هەرچەندە سەرەتاکانی هونەر لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لەلایەن (هۆگ هونور، جۆن فلیمینك)ەوە نووسەری مێژووی هونەری نیگارکێشانن قۆناغەکانیان کردووە بە چوار بەشەوە:

١- قۆناغی هونەری ڕاوچییەکان.

٢.- قۆناغی هونەری ئەشکەوتەکان
٣.- قۆناغی هونەری چاخی بەردینی میزولیتیکی
٤.- قۆناغی هونەری ناوەندی بێستانەکان/ جوتیاران

لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا بەشێوەیەکی فراوان وێنەکان لەسەر بەرد هەڵکەنراوون کە وێنەی گیانلەبەرانی لە خۆگرتووە وەکو مەرو ئاسك و ئەسپ، رەنگرێژکراوە بە رەنگەکانی رەش و سورو شین، بەڵام وێنی پیاو لەناو سەرجەم وێنەکاندا زۆرٚ بەکەمی دەبینرێتٚ، هەرٚوەها وێنەی ژٚنانیش کٍەمٚن لەناویاندا، دواتر مرۆڤ نیشتەجێبوون بە خۆیەوە دەبینێت لەدوای ئەوەی مرۆڤ دەست دەکات بە کشتوکال و درووێنەکردن و درووستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، هەروەها پێداویستییەکانی ژیانیش گۆرانی بەسەرداهات، تەنانەت درووستکردنی قاپ و سیرامیك و پێداویستیەکانی ژپان و جوانکاری ناو مالەکان نەخٚش و نیگاری جۆراجوری تێدا نەخشێرا، لە کوردستانیشدا پێش ١٣٤٠٠هەزار سال هاولاتیان لە نزیك دەریاکان و دەشتەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد، لەم ناوچەیەدا هەموو پێداویستییەکان پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیووە کە لە دارو بەرد و ئێسقان بەشێوەیەکی جوانی ئەندازەی درووستیانکردووە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئینسانی کورد لە قۆناغە سەرەتاکاندا هەستی بە هونەرو جوانی کردووە، هەربۆیە گرنگی بە ئامێرو پێداویستییەکانی داوەو چەندین نیگارو رەنگرێژیان بۆ کردووە، کە تائێستا زۆرێك لەو پێداویستییانەی کە لە ئەشکەوتی (هەزار مێرد ، چەرمو، زەرزی، بالیٚ کورٚە، شانەدەر) دۆزراونەتەوەو ئەو راستییە دەسەلمێنن، لەهەمانکاتدا مێژوو نووسان لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە بنیادنان و کشتوکال بۆ یەکەمینجار لٚە ناوچەی شانەدەر و هەزارمێرد و زاوی جەمی بەدرکەوتووە،ٚهەروەها بۆ یەکەمینجار سیرامیك لەناچەی چەرمو بەدەرکەوتووە، دواتر لە (تەپە گۆران) لە رۆژهەلاتی کوردستان، و دواتر لە ولاتانی جیهانٍ سیرامیك بلاو بۆتەوە، پێگەی سیرامیك دەگەرێتەوە بۆ چەرمو کەٚ بە رەنگی سور نەخشی تێدا کێشراوە، بەلام هێلەکان بەشێوەیەکی پچر پچر واتا نێوانێك بۆشایی هەیە لەنێوان هێلەکانٚداو ئەوەش تایبەتمەندیەکی بەخشیوە بەو جۆرە سیرامیکە کە بەٚ (سێرامیکی بۆیەکراوی چەرمو) ناسراوە، هەروەها لەناوچەی (تەل حەسونە)ی شارری موسل سێرامیك دۆراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٦٥٠٠ سال پێش زاین کە بەشێوەیەکی گشتی بە رەنگی پرتەقالی و مۆرو پەمەیی رەنگرێژکراوە.

مرٚۆڤیٚ کورد لە ژیانی ئەشکەوتەکاندا وێنەی گیانلەبەرەکانیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاوە، ئەو وێنانە دەتوانین لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی (شانەدەر، چەرمو، کوردی قالنج ئاغا، زێوە، بەردە بالکە، هەزار مێرد)ەو یەکەمین قۆناغەکانی هونەری نیگارکێشان بووە لەلای میللەتی کوردو ئەو مێژووە تا ئێستا بۆ ٨ هەزار سال پێش زاین تۆمارکراوەو بە ١٥٠ نیگار ئەژمارکراوە کە لەناو ئەشکەوتەی (کچە گەنجان)ی گوندی (یەدی سالکیم)ی شاری وان دۆزراوەتەوە، بەشێك لەو وێنانە تەعبیر بووە لە ژنانی خوا وەند لە کاتی سەماکردنیاندا، یاخو خوای تری ژنان کە بەسواری گیانلەبەرەکانەوەن و هەندێك لەو وێنانە تاکو ئێستاش لەناو شێوازی چنینی فەرش و جاجم و نەخشەسازییەکانی تردا بەدیان دەکەین. ١

گەر سەردانێکی مۆزەخانەی سلێمانی بکەین ئەو راستییەمان بۆ یەکلایی دەبێتەوەو بە یەقینەوە دەلێن کە کوردستان مەلبەندی سەرەتای هەموو هەنگاوە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی بووە، ئەوەتا کاری دەستی لە ناوچەی چەرمو دۆزراوەتـەوە کە مێژووەکەی بۆ ١٠٠ هـەزار سال پێش زاین دەگەرێتەوە، لەهەمانکاتدا دۆزینەوەی ملوانکەیەکی ژنانە کە ئەگەری هەیە بەدەستی ژنان رێکخراوە کە لایەنێ جوانکارٚی سەرکەوتوو بووە، لەهەمانکاتدا لایەنێکی هونەری بەرزی لە خۆگرتووە کە مێژووەکەی بۆ ٧٠ هەزار سال پێش زاین دەگەرێتەوە، واتا لەو مێژووەوە



جوانکاری، ستاتیکا بوونی هەبووە لە زیهن و ژیانی تاکی کورددا، ژنان هەر لەسەرەتای سەدەکانی سەرەتاوە هاوکاری پیاوان بوون لە کاری سیرامیك بۆ جوانکاری و پێداویستییەکانی ژیان، هەروەها ژنان هاوبەش و هاوکاری پیاوان بوون لە چۆنێتی درووستکردنی مال و گوندەکان و هەر ئەوانیش بەشداریانکردووە لە دروستکردن و جوانکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەو پێداویستییەکانی جوانکاری ناو مال لەگەل ئەوەی پەستانێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینیان بەسەرەوە بووە .

بەلام لەدوای گۆرانکاری و نەمانی داگیرکەرانی جیهانی بەشێوە باوەکەو پەیرەوکردنی چەندین گۆرانکاری ژنان توانیان بەشێك لە مافەکانیان لەسایەی ئەو گۆرانکاریانەدا بەدەست بهێننەوەو لەوێوە توانیان ئەنجامەکانی کاری هونەری خۆیان بەدەربخەن.



کۆمەلێك ملوانکەی لەمورووی جۆراوجۆرو رەنگاورەنگ دروستکراوە – چاخە بەردینەی نوێ

باشوری کوردستان خاوەنی چەندین ژنە شێوەکاری دەسترەنگینە لەسەر ئاستی جیاواز کە بەشێکیان لەو شێوەکارانە خۆرسکانە کاری شێوەکاریان کردووەو بەشێکی تریشیان بەشێوەیەکی ئەکادیمی هونەری شێوەکاریان خوێندووە، شاری سلێمانی یەکێکە لەو شارە سەرەکیانەی باشوری کوردستان کە زۆرترین ژنە شێوەکاری لەخۆگرتووە، هەروەها بەشێکی تریشیان دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانی بەغدا و سلێمانی بوون کە تیایدا وانەی هونەریان تێدا دەخوێندرا، ئەم شێوەکارانە چ وەکو ژمارە، چ وەکو ستایلی کاری ئەو ژنە شێوەکارانەیە دەکرێت ئەو سەرەتایە بە دەرکەوتنی کارەکانی ژنە شێوەکاران (بێگەرد نوری، شەمسە فەقیٚ ئەمین، سزا عەبدولکەریم، نەرجس شەرموخ، ناجیە تۆفیق) دەستپێکردووە کە سەرجەم ئەم شێوەکارانە خۆرسکانەو مامۆستای هونەر بوون و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درێژەیان بە کاری هونەری خۆیانداوە، تەنها ژنی ئەو گروپە کە بەردەوام بووە لەکاری هونەری تاکو ئەمرۆ خاتوو ناجیە تۆفیق-ە.

لە سالەکانی شەستەکاندا خوێندنگەیەك هەبوو بەناوی (الفنون البیتیە) واتا (هونەرەکانی ناو مال) ئەم خوێندنگەپە سالی ١٩٦٢ دامەزراوەو بەشەکانی لەسەرەتادا پێکهاتبوون لە (بەرگ دوورین، پەروەردەی مندال) بەلام لە سالی ١٩٦٨وە بەشی شێوەکاری تێدا کرایەوە کە دوای سێ سال تەواویان کردووە، واتا لە سالی ١٩٧١ وەجبەی یەکەمیان


سزا عبد الكريم

— ولدت في السليمانية عام ١٩٤٨ .
— تخرجت من دار المعلمات الابتدائية في بغداد عام ١٩٥٧ .
— اشتركت في :
معارض فناني السليمانية
معرض الملصقات الجدارية في السليمانية ، اربيل ، بغداد .

تەواو بووە، ئەو مەنهەجەی کە لەوێ خوێندراوە)، شێوەکار (عەلی جۆلا) کە یەکێك بووە لە مامۆستاکانی ئەو خوێندنگایەو  سەبارەت بە کارکردنی دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٦٧وە وانەکانی (مێژووی هونەر، سیرامیك، نیگارکێشان)م .تێدا وتۆتەوەو (گەلاوێژ عەزیز) بۆ ماوەیەك بەڕێوەبەری ئەم ماڵە بووە

ئەم ماڵە هونەرییە خوێندکارانی کچانی لە ساڵی ١٩٦٢وە وەردەگرت کە سەرەتا ئەو خوێندکارانەیان وەردەگرت کە دەرچووی شەشەمی سەرەتاییان تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٦٤دا بووە بە بەکالۆرسی واتا  خوێندکاری دەرچوانی پۆلی .سێیەمی ناوەندی وەردەگرت و وانەکانی (بەرگدووری، زانستی دەروونزانی، شێوەکاری) تێدا خوێندراوە

ئەم خوێندنگەیە کچانی وەردەگرت و تیایدا فێری گەلێ شتی دەستکرد دەبوون و بڕوانامەکەشیان دوای پۆلی .شەشەمی ئامادەیی (بڕوانامەی وەزاری)یان پێدەبەخشراو بە مامۆستا دادەمەزران

لە ساڵی ١٩٦٨دا مامۆستایان ( عەلی جۆلا، ست زهور، ئەختەر شالی، حەسیبە غەنی شالی، نەسرین ڕەشید صدقی، میهربان ئەمین) ست نەسرین ڕەشید وانەی چنینی فەرشی دەوتەوە، مامۆستا (مهین عەبدول حەمید) کە کاری دروستکردنی گوڵی دەوتەوە، هەروەها (ست زهور) وانەی دەروونی دەوتەوە، بەڵام وەکو دوو هونەرمەند نەبوون لەو سەردەمەدا، بەڵام جێگا دەستی هونەریان دیاربوو کە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە زۆر بووە، لەو خوێندکارانەی کە لەو خولەدا بەشداریانکردووە کە





٦- ئامادەیی هونەری ناو ماڵ- ١٦-١-١٩٦٨ لە ڕاستەوە ناجیە تۆفیق- لیلی شەمعون- مامۆستا موحاسین- گەلاوێژ نوری- نازلی تابان، نەرمین غەریب- نەجات منیرە- نهایەت



١٩٦٩
ژمارەیەك لەخوێندکارانی ئامادەیی هونەری ناوماڵ
(فنون البیتیە)



ساڵی ١٩٧٠- پیشانگەی خوێندکارانی فنون البیتیە
لەراستەوە
نازەنین شەوقی
نیهایەت عبدوا
نەرمین نوری بەگ
کافیە خاڵ



ساڵی ١٩٦٥- ئامادەیی فنون البیتیە

لەراستەوە
م شەهلا قوتب
م گەلاوێژ عەزیز بەرێوەبەر
م سزا عەبدولکەریم



سیانیان لە شاری قەڵادزێ هاتبوون کە ئەوانیش پێکهاتبوون لە (گورجیە خزر ئەمین، کابان بەکر ئەمین، سەبریە سابیر قادر)، هەروەها (ئامینە حاجی غەریب، قومریە رەئووف، شەوبۆ حسین، شەوبۆ خدر رەشید، نەرمین غەریب، شیرین حسین، حەربیە عەبدولستار، گولزار مەلا رەسوڵ، ناجیە تۆفیق محەمەد، فەزیلە ئیبراهیم سالەح، ) سلێمانی، . ئەو وێنانەش نموونەی کەسانی بەشداربووی ئەوۆ خولەن لەنێوان ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٩

ناکرێت ئەوەش لەبیر بکەین کە پێشتر ژنانی تریش هەبوون کە لەدەرەوەی شارەکان کارو چالاکییان هەبووە لەوانە (جەمیلە عەزیز سالەح) لە سالی ١٩٥٨ لە تەوێلە وەکو مامۆستا وانەی (چنین بەهەموو شێوەکانییەوە، دروومان، فێری خوێندەواری) دەکرد، جەمیلە عەزیز لەدایکبووی شاری سلێمانی بووەو لەدوای بینینی خولی تایبەت لە سلێمانی بۆ .چنین نێردراوە بۆ تەوێلە تاکو کچان و ژنانی ئەو شارە فێری هونەری چنین و دروومان و خوێندەواری بکات

لەهەمانکاتدا شێوەکار (قادر میرخان) سەبارەت بە (الفنون البیتیە- هونەرەکانی ناو ماڵ) دەڵێت (لە ساڵی ١٩٦٨ بەشی شێوەکاری تێداکراوەتەوە کە دوای سێ ساڵ تەواویانکردووە، واتا سالی ١٩٧١ یەکەمین وەجبە ئەو بەشەیان .(تەواوکردووە

دواتر ژنە شێوەکار (سزا عەبدولکەریم) کە لە ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی لەدایکبووەو ساڵی ١٩٥٧ پەیمانگەی مامۆستایانی تەواوکردووەو یەکێکە لەو ژنە شێوەکارانەی کە بەشێوەیەکی خۆرسك خۆی پێگەیاندووەو توانیوێتی لە چەندین پیشانگەدا بوونی خۆی سەلماندبێت لەوانە بەشداریکردنی لەهەمان پیشانگەدا کردووەو لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و بەغدا نیشاندراوە، ئەم مامۆستایە سەبارەت بە (الفنون البیتیە) دەڵێت (سالی ١٩٦٢ ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەو تا سالی ١٩٧٤ بەردەوام بووە، ئەو مامۆستایانەی کە لەو کاتەدا وانەیان دەوتەوە پێکهاتبوون لە عەلی جۆلا، سزا عەبدولکەریم، واحیدە حەمدی، رەفیقە شەفیق، ئەختەر فەقێ کە بۆ ماوەیەك بەرێوەبەر بوو، گەلاوێژ عەزیز کە بۆ ماوەیەك بەرێوەبەر بووە، من وانەی نیگارکێشان و کاروباری ناو ماڵم دەوتەوە، هەروەها دەمانتوانی کاری خوێندکارەکان بکەینە پیشانگە، نەك لەسەر ئاستی سلێمانی، بەڵکو کاری خوێندکارەکان دەبران بۆ بەشداریکردن .(لە پیشانگەکانی شاری بەغدا و بۆ چەند جارێك خەڵاتمان وەرگرتووە



گوڵنار حەمە لاو ١٩٧٩

سامیە ساحیبقران) یەکێکە لەو ژنە شێوەکارانەی کە لە سالی ١٩٧٢دا) بەشداری پیشانگەیەکی هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە شێوەکارانی سلێمانی کردووە کە پیشانگەیەکی تایبەت بووە بە پۆستەر و لەسالی ١٩٧٢دا کراوەتەوە، هەروەها ژنە شێوەکار (پەروین بابان) یەکەمین ژنە شێوەکارە کە بە ئەکادیمی هونەری لەسالی ١٩٧٢ خوێندووەو بەشداری چەندین پیشانگەی کردووە لەوانە چوارەمین پیشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی کە بۆ ماوەیەك مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووە. ٢ گوڵنار حەمە لاو) یەکێکی ترە لە ژنە شێوەکارەکانی شاری سلێمانی کە) خاوەنی زیاتر لە (١٠) پیشانگەی تایبەتی و چەندین پیشانگەی هاوبەشە، یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە سالی ١٩٧٩ کردۆتەوە، لەهەمان سالدا .بەشداری پیشانگەی پێنجەمی هونەرمەندانی سلێمانی کردووە

لەدوای کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٠دا گۆرەپانی هونەری شێوەکاری نەك بە تەنها لە شاری سلێمانی بەڵکو کارێگەری لەسەر شارەکانی (هەولێر، دهۆك، کەرکوك) بەجێهێشتووە کە

مامۆستاکانی ئەم پەیمانگەیە لەو شێوەکارانە پێکهاتبوون کە پەیمانگەو ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدایان تەواوکردبوو، ئەم پەیمانگەیە مەودای فێربوون و ئاشنابوونی کچانی ئارەزوومەندانی هونەری شێوەکاری کوردی زیاتر کردوو ژمارەیەکی زۆر لە شێوەکاران هاتنە مەیدانی کاری پراکتیکییەوە کە دەکرێت ناوی ئەو خوێندکارانە بهێنین کە دواتر هەندێکیان بوونە شێوەکارێکی دەسترەنگین، خوێندکارانی خولی دەرچووی یەکەمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی کە لە (٧٣) خوێندکار پێکهاتبوون (٣٠)یان کچ بووەو ناوەکانیش پێکهاتوون لە (ئاواز ئیبراهیم محەمەد، ئیلهام عەبدوڵلا مەجید، ئینصاف عەبدولکەریم سلێمان، ئەمیرە سالەح ئەحمەد، ئاشتی ئەحمەد سالەح، ئەختەر حسین محەمەد، بەیان عەبدولقادر ئەحمەد، بەیان عەلی حسین، پاکیزە ئیسماعیل عەبدولقادر، پەرژین جەلال فتح الله، جوان جەلال ئەحمەد، خومار رەشید حەمید، دلسۆز ئەحمەد حسین، ڕێزان فەرەج عەلی، ژیان بەهادین عەلی، ژیان رەشید سەعید، سەنا ئەنوەر لەتیف الله، سەمیرە سالەح عەلی، سەیران عەبدولکەریم حسین، سوعاد هاشم جاسم، شادان فەیسەل عەونی، فەزیلە حەمە رەشید ئەحمەد، کوێستان عەباس عوسمان،



سجلی دەرچووی ساڵی یەکەمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ١٩٨٤-١٩٨٥



کوێستان جەمال عەلی، گوڵزار ئەحمەد محەمەد، مەلیحە محەمەد مەحمود، نەرمین حەمە جەبار، نەسرین محەمەد مەهدی، نەزیرە عەبدوڵلا حەمە رەزا، نەسرین ئەحمەد ئیسماعیل) یەکەمین دەرچووەکانی قۆناغی یەکەمی پەیمانگە بوون کە دەکاتە دەرچووی ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥. ٣

پاشان لەساڵی ١٩٩٩ گروپێکی کچانی شێوەکار لە سلێمانی درووست بوو بەناوی (پێنج کچە هونەرمەند) درووست بوو کە پێکهاتبوون لە شێوەکاران (ساکار فارووق، دالیا موراد، شیلان جەبار، تارا خالید، شوعلە سلێمان) لە ڕۆژانی ١٢-١٦/ ١٩٩٩/٢ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی یەکەمین پیشانگەیان کرایەوە، دووەمین پیشانگەیان لە ڕۆژانی ١١-٢٠٠٠/٦/١٤ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، سێیەمین پیشانگەیان لە ڕۆژانی ١٥-٢٠٠١/١٨ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کراوەتەوە. ٤




ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٢٤ پیشانگەیەکی هاوبەش بۆ ژمارەیەك لە دەرچوانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە هۆڵی گەلەری سلێمانی کرایەوە کە لەنێویاندا ژنە شێوەکاران (بوشرا ئیسماعیل، بەیان حەیدەر، رازاو مستەفا، خۆشی ڕزگار شەوقی، ڕێزان عومەر، شەپۆل یونس) بەشداریانکردبوو، دواتر لە شاری سلێمانیدا نەریتێك هاتە کایەوە

کە ساڵانە لە ڕۆژی جیهانی ژناندا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پیشانگەی تایبەتی بۆ ژنە شێوەکارەکان دەکردەوە کە یەکەمین پیشانگەیان لە ١٩٩٤/٣/٦ لە هۆڵی سورکێو دووەمین پیشانگە لە ١٩٩٦/٣/٩ لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی کراپەوەو پێنجەمین پیشانگەیان لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی ١٩٩٩/٣/٨ کرایەوە، شەشەمین پێشانگەی خانمان لە سالی ٢٠٠١دا و حەوتەمین پیشانگەی خانمان لە سالی ٢٠٠٢ کرایەوە.٥

دواتریش ژمارەیەکی تر لە کچان و ژنانی شێوەکار بەکارە داهێنەرەکانیان توانیویانە دنیایەکی تایبەت بە خۆیان بخولقێنن لەوانە (چیمەن ئیسماعیل، نەعیمە محەمەد، سازان عەلی، بێگەرد عوسمان، خۆشی شەوقی، نیان عوسمان، سازگار عەبدوڵڵا، نەرمین مستەفا، ڕۆژگار مەحمود، ساکار فاروق، و هتد).

لەشاری




هەولێریش ژماریەك ژنە شێوەکاری دەستڕەنگین هەبوون کە پێی ساڵە جیاوازەکان کاریانکردووە کە سەرەتاترین شێوەکاریان بە ناوی (نەسرین مەرجان) بوّوە ساڵانی حەفتاکان ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووەو بەشداری چەندین پیشانگەی کردووەو وەکو مامۆستای هونەر لەشاری هەولێرو دهۆك وانەی هونەری وتۆتەوە، لەدوایدا هەردوو شێوەکار (سنەوبەر) و (ئارەزوو) کە مامۆستای پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر بووە وەکو لایەنی دەروونی و هەموو کارەکانی تایبەت بوون بەو بوارەو ڕەنگەکانی پەمەیی و پرتەقالی و سپی زۆرتین



پانتایی تابلۆکانی داگیرکردبوو، بەڵام لەدوای کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٤دا بواری شێوەکاری بۆ کچان و ژنان فراوانتر بوو ساڵانە ژمارەیەك لە خوێندکارانی کچان بەشی شێوەکاریان تەواو دەکرد، یەکەمین پیشانگەی ژنان لە شاری هەولێر لە سالی ٢٠٠٥ بە بەشداری ١٢ شێوەکار کرایەوە، دووەمین پیشانگەیان لە سالی ٢٠٠٧ بەبەشداری ٦ ژنە شێوەکار کرایەوەو ژمارەیەك ژنە شێوەکاری دەستڕەنگین بەدەرکەوتن لەوانە (باڵا ئەحمەد، دلپاك سەعید، نەورۆز شەهاب).٦

یاسمین مەحمود بەرزنجی) یەکێکە لەو ژنە شێوەکارانەی کە لەساڵی ١٩٥٠ لەدایکبووەو ساڵی ١٩٧٢ زانکۆی) موستەنسریە بەشی زمانی ئینگلیزی تەواوکردووەو دواتر بۆتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی و بەشداری هەموو ئەو پیشانگەیانەی کردووە کە لەناو زانکۆ کراوەتەوە لەدوای تەواوکردنی زانکۆش بەردەوام بووە کە دواترینیان بەشداری پیشانگەی یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە، هەروەها لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە زیاتر ژنانی شێوەکار لەناو شاری کەرکوك بەدەرکەوتوون لەوانە (شەهلا تەها، بنار کاکە ڕەش، وەهیبە یاسین، پەخشان، ئالان ) بوون.

لەناو شاری دهۆك ژمارەی ژنە شێوەکارەکان زۆر کەم بوون و تەنها لە ساڵی ١٩٩٢ (هدی ئەحمەد) ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی تەصمیم-ی تەواوکردووەو ئیتر بوارەکە زۆر دەگمەن بووە بۆ بەدەرکەوتنی ژنانی شێوەکار تا کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی دهۆك لە سالی ١٩٩٢ ژمارەی ژنانی شێوەکار رووی لە فراوان بوونکردو لەو نێوەندەدا ژمارەیەك ژنە شێوەکار هاتنە ناو مەیدانەکەوە کە دەکرێت ببنە جێگەی شانازی لەوانە (شیوەن کێستەیی، سوزان سەباح، شەرمین بەهجەت، هودا ئەحمەد، هبە یونس، گەشاو ئەمین، گەلاڤێژ عەبدولرەحمان کلحو) بووە.٧

یەکێ لەو کێشانەی کە بەردەوام بەرەو رووی هونەر بەگشتی و بەتایبەتی هونەری ژنان بۆتەوە بە ئەرشیف نەکردنی کارەکانی ئەو شێوەکارانەیە کە تاکو ئەمرۆ کارەکانیان وەکو پێویست وەکو قۆناغێکی کاری هونەری ژنانە ناویان بهێنین و بیانکەینە نموونە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو نەبوونی ئەرشیفەوە زۆرێك لە کارەکان لەناوچوون و ئەم هەولەش کە ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان ئەرکی درووستکردنی ئەم کوراسەیەی ژنانی شێوەکاری لەئەستۆگرتووەو دەبێتە یەکەمین کوراسەی هونەری کە بۆ ژنانی شێوەکاری باشوری کوردستان بەو شێوە فراوانییەی ژنانی شێوەکار ئەنجامدرابێت، لەهەمانکاتدا دەبێتە ئەرشیفێکی باشی داهاتوو بۆ ژنانی شێوەکاری کوردستان، لەهەمانکاتدا شانازیەکیشە کە ڕێکخراوێکی وەکو یەکێتی ژنانی کوردستان کارێکی لەو جۆرەی لەئەستۆگرتووە.

ئەمە هەولێکی سەرەتاییە، رەنگە زۆر ناو هەبێت کاریگەری خۆی لەناو مێژووی شێوەکاریدا هەبووبێت، بەڵام لێرەدا بە هۆی نەبوونی زانیاری ناوەکانیان و ونبوون و نەزانراوە.



سالّی ١٩٧٠
پیشانگەی خوێندکارانی
الفنون البیتیە
لەڕاستەوە
ڕووناك سالح
نازەنین شەوقی
کوێستان ڕەشید
نەرمین نوری بەگ
ژیان عەبدوللاّ



سالّی ١٩٧٠
پیشانگەی خوێندکارانی
الفنون البیتیە
لەڕاستەوە

بەهار
نازەنین شەوقی





سالّی ١٩٦٩

لەڕاستەوە
ڕووناك
نیهاد
بەهار
ناهیدە
نازەنین
ماری عیسا
شوکریە
نزیرە



سالّی ١٩٧٠

لەڕاستەوە

نەرمین نوری بەگ
کوێستان ڕەشید
شیرین عادل
ست ناهیدە عەبدوللاّ
نازەنین شەوقی

:سەرچاوە
http://www.kurdefrin.com/vb/t٦٧٦٧.html ١- الرسم في كوردستان ما قبل التاريخ، سایتی
.(٢- نامەی ماستەری هونەرمەند (بێگەرد عوسمان
٣- سجلی دەرچوانی خولی یەکەمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی
٤- ئەرشیفی تایبەتی بەختیار سەعید
٥- ئەرشیفی تایبەتی شێوەکار ئەکرەم سەعید
.٦- شێوەکار (دارا حەمە عەلی) هەولێر
.٧- شێوەکاران (رەشید عەلی، سەردار کێستەیی) گەلەری دهۆك
تێبینی: بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر (الفنون البیتیه) هەرەیەك لە شێوەکاران (قادر میرخان، عەلی جۆلا، سزا عەبدولکەریم، ئەکرەم سەعید، گورجیه خزر ئەمین) سوودم لەم بەرێزانە وەرگرتووە.



# ژنانی شێوەکار لەباشوری کوردستان



– ١٩٧٥ له شاری هەڵەبجە لەدایکبووە.
–١٩٩٥ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی– بەشی وێنەکێشان بە پلەی زۆر باشە تەواو کردووە.
–١٩٩٨ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری میدیا– هەولێر.
–جگە لە پیشانگەو فێستیڤالەکانی ناو پەیمانگە، وەك هونەرمەندێکی سەربەخۆ لە ساڵی ١٩٩٣ وە بەشداری پیشانگەکان و پرۆژە هونەرییەکانی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم وەك "ئێران، فەرەنسا، کەنەدا، سوید، ئەڵمانیا" کردووە.
–١٩٩٨ یەکەمین پێشانگەی هونەری تایبەتی خۆی لە هۆڵی میدیا– هەولێر نمایشکردووە.
–١٩٩٦–١٩٩٧ وەك مامۆستا کاری کردووە لە پرۆژەی "خونچە" کە سەر بە رێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان.
–١٩٩٨ وەك فەرمانبەر لە وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی– بەشی شێوەکاری دامەزراوە.
– ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤ لێپرسراوی گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی بووە.
–جگە لە بڵاوکردنەوەی بابەتی رەخنەی هونەری لە رۆژنامەکان، بۆ چەند جارێك ئەرکی هەڵسەنگاندی هونەری پێ سپێراوە لە پێشانگە هاوبەشەکاندا.
–ئەمە جگە لەوەی وەك گرافیکگەرێك کاری نەخشەسازی بۆ چەند رۆژنامەو گۆڤارو کتێبێکی ئەدەبی کردووە.
–بۆ چەند جارێك خەڵاتی هونەری پێ بەخشراوە، کە دیارترینیان
– ٢٠٠٠ خەڵاتی یەکەم "باشترین شێوەکار" لە فێستیڤاڵی مەولەوی شاعیردا.
–٢٠٠١ خەڵاتی رێزلێنان لە فیستیڤاڵی لاوان– سلێمانی.
–٢٠٠١ خەڵاتی تایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری لە یادی رۆژنامەگەری کوردیدا.
–لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ وە دانیشتوی وڵاتی ئەڵمانیایەو هەر لەوێش بەردەوامی بەکاری هونەری خۆی دەدات.
– بەشی یەکەم تایبەت بە پێشانگەی خانمان.
–١٩٩٣–١٩٩٩ بەشداری پیشانگەی خانمان لە سلێمانی و هەولێر.
–٢٠٠٣–٢٠٠٤ رێکخراوی باڵندە باران–فەرەنسا و سوید.
–٢٠٠٥ لە گروپێ گولە بەرۆژەکان وڵاتی کەنەدا لە گەلەری "timothys world news gallerys".
–٢٠٠٩ فیستیڤاڵی "weibs bild" شاری کۆڵن–ئەڵمانیا.
–٢٠١٠ گەلەری کۆنتراستەر "kontraste" لە ئەڵمانیا.

پێشانگای گرافیکی
–١٩٩٤ "ئەستێرە رەشەکان" هۆڵی مۆزەخانە سلێمانی– سوید.
–٢٠٠٠ یەکەمین پێشانگەی "بەهێل وشەکان جوانتر دەبن".
–٢٠٠١ دووەمین پێشانگەی "بەهێل وشەکان جوانتر دەبن" هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

پێشانگە هاوبەشەکان
–١٩٩٧–١٩٩٨–١٩٩٩–٢٠٠١–٢٠٠٢ پێشانگای هەمیشەیی گەلەریی زاموا– سلێمانی.
–١٩٩٨ پیشانگای پۆستر "یادی هەڵەبجە" هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی.
–١٩٩٨ گروپی "٢٣ هونەرمەند" هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی .
–١٩٩٨ هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد سلێمانی.
–٢٠٠١ پیشانگای لاوان هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی.
–٢٠٠١ پیشانگەی هەمیشەیی گەلەری کوردستان–هەولێر.
–٢٠٠١ سەنتەری گەنجان– سلێمانی، تایبەت بە میوانانی وڵاتی سوید.
–٢٠٠٢ پیشانگەی هاوبەشی شارەکانی هەرێم، گەلەری میدیا– هەولێر.
–٢٠٠٣ هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان سلێمانی.
–٢٠٠٤ "کۆرالێك لە رەنگ" هۆڵی ئەمنە سورەکە لە سلێمانی، پاشان هۆڵی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە.
–٢٠٠٤ "بۆ پیاوە سپییەکە" هونەرمەند سەروەت سەوز، گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی.
–٢٠٠٤ گەلەری ئارام–سلێمانی
–٢٠٠٤ "٩ هونەرمەند پێکەوە "هەمیشە رەنگ هەمیشە ژیان" هۆڵی میدیا– هەولیر
–٢٠٠٤ هونەرمەندانی سلێمانی– هۆڵی ئەمنە سورەکە.







## ئاڤان سدیق حسین

- ١٩٧٤ لەسلێمانی لەدایکبووە.
- ١٩٩٤ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.
- ٢٠٠٤ یوهانس گوتنبیرگ ئەکادیمی- ئەلمانیا بە نمرەی ئیمتیاز تەواوکردووە.
- ٢٠٠٠ پیشانگەی لە هۆلی مۆزەخانەی سلێمانی.
- ٢٠٠١ پیشانگەی بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر تسنیوك- مونشن- ئەڵمانیا.
- ٢٠٠٢ پیشانگەی MRT گەلەری لە ڤین.
- ٢٠٠٢ ڤیدیۆ ئارت گەلەری زاموا.
- ٢٠٠٣ بۆ ژنان inter kunst لە ڤین.
- ٢٠٠٣ sos لەگەڵ پەناهەندە- ڤین.
- ٢٠٠٤ بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر مینیکس kruzgang لە زانك شتیفان- ئەڵمانیا.
- ٢٠٠٤ لە کۆلن ١٥٠ m lağus گەلەری- ئەلمانیا.
- ٢٠٠٥ kummunale گەلەری لە دارمشتات- ئەڵمانیا.
- ٢٠٠٧ yurk shire sklepcher park بەریتانیا.
- ٢٠٠٧ Ferens art لە هۆل- بەریتانیا.
- ٢٠٠٧ گەلەری serpentine لە لەندەن.
- ٢٠٠٧ راوم ئەنسەرلاتیسون- گەلەری سەردەم- سلێمانی.
- ٢٠٠٧ whitr club گەلەری.
- ٢٠٠٨ کایزس لاوتنkotten kunst hof لە ئەڵمانیا.
- ٢٠٠٩ گەلەری دهۆك.
- ٢٠١٠ گەلەری میرك- هەولێر.
- ٢٠١٠ گەلەری سەردەم- سلێمانی.







## ئاڤان جەمال

– ١٩٧٧ لە سلێمانی لەدایکبووە.

– ١٩٩٧-١٩٩٨ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شێوەکاری تەواوکردووە.

– بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگەی کردووە.

– ١٩٩٦ بەشداری پیشانگەیەکی هاوبەش لە هەولێر بەکاری میناتۆرو تابلۆ.

– ١٩٩٨ پیشانگەیەکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندان (ساکار، هەردەوان، ئیسماعیل).

–١٩٩٧-١٩٩٩ بەشداری پیشانگەی خانمان–ی کردووە لە سلێمانی.

–١٩٩٩ خەڵاتی باشترین تابلۆی پیشانگەی خانمان–ی پێبەخشراوە.

١٩٩٨– ٢٠٠٨ بەشداری خولەکانی گەلەری زاموای کردووە.

١٩٩٩– بەشداری پیشانگەی ١٢٢ هونەرمەندی کردووە لە سلێمانی.

٢٠٠١– بەشداری خولی گەلەری کوردستان لە هەولێر کردووە.

٢٠٠٠– بەشداری پیشانگەی ئاشتی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی.

–٢٠٠٠بەشداری فیستیڤاڵی مەولەوی کردووە.

– ١٩٩٩بەشداری پیشانگەی هاوبەش کردووە لە هۆڵی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی سلێمانی.

–٢٠٠٠پیشانگەی بریسکەی ئەستێرەکان بۆ منداڵەکان لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

– ٢٠٠٠– ٢٠٠٢ پیشانگەی هاوبەشی پۆستەر بۆ مافی مرۆڤ لە سلێمانی.

– کێشانی چەندین مۆتیڤ بۆ رۆژنامەو گۆڤار و کێشانی بەرگی کتێبی منداڵان.







ئه فین کاکه یی



¯١٩٧٩ له شاری کەرکوک له دایکبووه.
¯١٩٩٨ تەواوکردنی خوێندنی ئاماده یی له کەرکوک.
له سالی ١٩٩٨ هاوسه ری پیکه وه له گه ل شیوه کار کاکه یی
٢٠٠٧ یه که مین پیشانگەی تایبەتی له شاری خینت له
بەلجیکا کرایەوە.
٢٠٠٧ به شداریکرد لەگەڵ کومەڵی هونەرمەندی بیانی له خینت .
٢٠٠٨ له بروکسل کاری هه ڵبژیردرا بۆ پیشانگەیەک بۆ ئافره تان لەگەڵ هونەرمەندانی ئافرەتی ولاتانی تر له ٢٠٠٨ له به لجیکا.
¯٢٠٠٨ بەشداریکرد له دووەمین فیستیڤاڵی چرا تیڤی له دەنهاخ¯ هۆڵندا.
¯ ٢٠٠٨ بەشداری کردووه له فیستیڤاڵی ئافرەتانی کورد له
ئەڵمانیا.
¯٢٠٠٨ پیشانگەیەکی هاوبه شی لەگەڵ هاوسەری شێوەکار کاکەیی له شاری خینت کرده وه.
¯٢٠٠٩ له شاری مخلن له به لجیکا له بەشداریکردووه له یەکەمین پیشانگەی هونەرمه ندانی زیبرا ئارت.
¯ ٢٠٠٩ بیشانکه له شاری خینت بلجیکا له هۆڵی فیزا کاستن.
¯ ٢٠١٠ بیشانکەی تایبەتی له هۆڵی ترافیک له شاری خینت.
¯ ٢٠١٠ بەشداری لەیشانکەیکی هاوبەشی کردووه که بێکاتووه له ٢٢ هونەرمەندی بەلجیکی له گالیری فولتیر له شاری خینت له
بلجیکا.



## ئبتهال تۆفیق

–١٩٧٢ لە خانەقین لەدایکبووە.
– ١٩٩٢ پەیمانگەی پزیشکی لە بەغدا تەواوکردووە.
– ٢٠٠٢ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
– ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی بەغدا، کۆمەڵەی شێوەکارانە لە بەغدا، ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی دیالە، ئەندامی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، ئەندامی دامەزراوەی Trjj.
– ٢٠٠٤ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی کتێبخانەی خانەقین.
– ٢٠٠٥ دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (الدیار) لە بەعقوبە.
– ٢٠٠٨ سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی سەنتەری گەنجانی خانەقین.
– ٢٠٠٢–٢٠١٠ خاوەنی (٢٥) پیشانگەی هاوبەش لە شارەکانی (بەغدا، کەرکوك، دیالە، خانەقین، ئەنقەرە، دەربەندیخان، سلێمانی) لەوانە:
–١٩٩٢ لە پەیمانگەی پزیشکی لە بەغدا.
– ٢٠٠٠ لە زانکۆی بەغدا بە بۆنەی ڕۆژی زانکۆوە.
– ٢٠٠١ لە سەنتەری بەغدا بۆ هونەر بەیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە.
– ٢٠٠١ لە سەنتەری بەغدا بۆ هونەری گرافیك.
– ٢٠٠١ لە هۆڵی سۆمەر.
–٢٠٠٢ لە کۆلیژی پزیشکی لە بەغدا.
– ٢٠٠٢ لە هۆڵی حافڤ الدروبی.
– ٢٠٠٢ بۆ هونەری هاوچەرخ لە سەنتەری بەغدا بۆ هونەر.
– ٢٠٠٣ لە سەنتەری بەغدا بۆ هونەر بە بۆنەی ڕۆژی ژنانەوە.
– ٢٠٠٣ لە هۆڵی کتێبخانەی خانەقین.
– ٢٠٠٥سەنتەری ڕۆشنبیری تورکمانی لە ئەنقەرە.
– ٢٠٠٦ پیشانگەی نەورۆز لە سەنتەری گەنجانی خانەقین.
– خاوەنی شەش خەڵاتی ڕێزلێنانە.





## ئیخلاص سالح



- ژ دایك بون  ١٩٨٨
- دەرچویا پەیمانگەها هونەرێن جوان دهوك / ٢٠٠٩-٢٠١٠
- ٢٠٠٥ پێشانگەها تایبەت دهوك.
- ٢٠٠٥ پێشانگەها تایبەت سێمێل.
- ٢٠٠٧ پێشانگەها تایبەت دهوك.
- ٢٠٠٩ پێشانگەها تایبەت سێمێل.
- ٢٠١٠ پێشانگەها تایبەت سێمێل.





## بێگەرد عوسمان



–١٩٦٤ لەشاری سلێمانی لە دایکبووە .

–١٩٨٦ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە .

–٢٠٠٢ کۆلیژی هونەری زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە .

– ٢٠٠٩ بڕوانامەی ماستەری لە هونەر لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.

–١٩٨٠ – ٢٠١٠ بەشداری (٤٦) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك، پاریس.

–١٩٨٧ پێشەنگای شیعر و ڕەنگ گەلەری سلێمانی.

– ١٩٨٩ پێشەنگای سێ هونەرمەند بێگەرد، وەهبی، مەریوان، هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی

– ١٩٩١پێشەنگای حەوتەمی هونەرمەندان .

– ١٩٩٤ پێشەنگای یەکەمی هاوڕێیانی شێوەکار هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

– ١٩٩٥ پێشەنگای کۆمەڵەی هەشت و هاوڕێیانی شێوەکار سلێمانی و هەولێر.

– ١٩٩٥ خولی یەکەمی گەلەری زاموا.

– ١٩٩٧ پێشانگەی هەشتەمی هونەرمەندان.

– ١٩٩٧ پێشەنگای هونەرمەندانی کوردستان، هۆڵی کوردستان لەندەن.

– ١٩٩٩ دووەمین پێشەنگای سروشت گەلەری کۆمەڵ.

– ٢٠٠٤–٢٠٠٤ پێشەنگای ژیانی ژن لە لایەن گروپی باڵندە باران، سوید، فەرەنسا

– ٢٠١٠ پێشەنگای هاوبەشی هونەرمەندانی کورد– نەمسا.





## بەیاد عەبدوڵڵا فەقێ ئەمین

– ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.

–١٩٩٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.

–٢٠١٠ کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی صلاح الدین لە هەلێر بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.

– ١٩٩٠–١٩٩٥ بەشداری لە هەموو پیشانگەکانی ساڵانەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کردووە.

– ٢٠٠٩ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە.

– ٢٠١٠ دووەمین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە.

–٢٠٠٦ پیشانگەی فیستیڤاڵی یەکەمی هونەری شێوەکاری گەنجان .

– ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بەشداری پیشانگەی ڕۆژی ژنانی کردووە.

– ٢٠٠٧ پێشانگای گشتی قووتابیانی ئەکادمی هونەرە جوانەکان.

– ٢٠٠٧–٢٠٠٨ پێشانگای کۆمەڵەی شێوەکار.

– ٢٠٠٨ پێشانگای دووەمین ڤستفاڵی هونەری لە مەخموور .

– ٢٠٠٨ پێشانگای مەرگ و ناموس .

– ٢٠٠٨– ٢٠٠٩ پیشانگەی گشتی قوتابیانی ئەکادمی هونەرە جوانەکان.





## باڵا ئەحمەد



- ١٩٨٧ لە قەڵادزێ لەدایکبووە.
- ٢٠٠٧ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێری تەواو کردووە.
- ٢٠١٠ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری کوردستان کردۆتەوە.

٢٠٠٧-٢٠١٠ بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە.







## جومانه محمد كاميل

لەدایکبووی ١٩٧٢

دەرچووی ئاکیدیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا/بەشی هونەرە شێوەکارییەکان ساڵی ١٩٩٩

ئەندامی یەکیتی هونەرمەندانی کوردستان

لەچەندین پێشانگا بەشداری کردووە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٠

مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی خانەقین








## داليا موراد



- ١٩٧٥ له سلێمانی لەدایکبووە.
- ١٩٩٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە .
- ١٩٩٩ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
- ٢٠٠٩ دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی .

١٩٩٢– ٢٠١٠ بەشداری (٥٠) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، کۆیە، هەولێر، دهۆک، میسر، کەنەدا).









## دڵپاك سەعید

- لەدایكبووی شاری هەولێرە.
- كۆلێژی هونەرەجوانەكانی هەولێری تەواوكردووە.
- ٢٠٠٠ یەكەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (من و سروشت) كردەوە.
- ٢٠٠٥ دووەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (سیمفۆنیای دەشت) كردۆتەوە.
- ١٩٩٦–١٩٩٨ لە ستودیۆی كۆلێژی ئەدەبیات كاریكردووەو بەشداری پیشانگەو فیستیڤاڵەكانی زانكۆی كردووە.
- بەشداری پیشانگەكانی ڕۆژی ژنانی كردووە.
- ٢٠٠٦ پیشانگەی هاوبەش بەناوی (لە حەبیبەوە بۆ نالی) بە هاوكاری هونەرمەند شنۆ موحسین كرایەوە.







## چیمەن ئیسماعیل

- ١٩٦٦ لە سلێمانی لەدایکبووە.
- ١٩٨٨ ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
- ١٩٩٢ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ١٩٩٣ دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە ئەڵمانیا.
- ١٩٩٤ سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ١٩٩٤ چوارەم پیشانگەی تایبەتی لە هەولێر.
- ١٩٩٧ پێنجەم پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ١٩٩٨ شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ٢٠٠١ حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ٢٠٠١ هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ٢٠٠٦ نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
- ٢٠٠٩ دەیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی گەلەری سەردەم.
- ٢٠١٠ یانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی گەلەری سەردەم.







## چرۆ نوری ڕەسوڵ

–١٩٧٤ لە گەڕەکی کوران لەهەولێر لەدایکبووە .
– ١٩٩٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی وێنەکێشانی بە پلەی (ئیمتیاز) تەواو کردووە .
– ١٩٨٩ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (هەوڵدان ) هۆڵی قوتابخانەی شۆرشی کچان– هەولێر.
– ١٩٩٢ دووەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (گوڵ) لە هۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیە– هەولێر.
– بەشداری فیستیڤاڵی سالانەی پەیمانگەی کردووە.
– ٢٠١٠ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی دیزاینی بە پلەی بالاّ ( ئیمتیاز ) تەواو کردوە .
– کاری هونەری شێوەکاری بۆ مندالاّن کردووە لە رێگای گۆڤاری ئاوات و هێڤی و گۆڤاری ڕوناهی .
– ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە .
– ئەندامی (منتدی) هونەرمەندانی عیراقە .
– مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە لە بەشی شێوەکاری .

پیشانگە هاوبەشەکان

. ١٩٩٥پیشانگەی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندان ( کامەران تەها، هێمن حەمید )هۆڵی میدیا– هەولێر.
. ٢٠٠٣ پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی عیراق بۆ کاری بینراو لە بەغدا هۆڵی رواق .
. ٢٠٠٤ پیشانگەی گەرۆکی هونەرمەندانی کوردستان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك .
. ٢٠٠٥ پیشانگەی دیزاین ١ هەولێر هۆڵی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێر .
. ٢٠٠٥ پیشانگەی مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر هۆڵی میدیا .
.٢٠٠٥ پیشانگەی شێوەکاری بەهرەمەندانی سەرتاسەری کوردستان لە شارەکانی (سلێمانی ، هەولێر، دهۆك، کەرکوك)
. . ٢٠٠٦پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی عیراق (بەغداد . هەولێر سلێمانی تکریت . کەرکوك ) .
. ٢٠٠٦ پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی لە گەلەری میدیا– هەولێر.
. ٢٠٠٦ پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی هەولێر لە دهۆك هۆڵی شەهید سەلمان .
. ٢٠٠٦ پایزە برا پیشانگای هاوبەشی (١٣) هونەرمەندی سیرامیك گەلەری کوردستان– هەولێر.
. ٢٠٠٦ پیشانگەی بەردەوامی هونەرمەندانی کوردستان خولی دووەم گەلەری کۆیە.
. ٢٠٠٣ ، ٢٠٠٥ ، ٢٠٠٦ پیشانگەی ئافرەتان ، هۆڵی میدیا– هەولێر .
. ٢٠٠٧پیشانگەی هونەری دانان بۆ هونەرمەندانی دهۆك و هەولێر لە هۆڵی شەهید سەلمان– دهۆك.
. ٢٠٠٩پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی شێوەکاری لەسەر هەفتەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان گەلەری شانەدەر– هەولێر.
. ٢٠١٠ پیشانگەی دیزاین ٢ هەولێر هۆڵی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێر .







## زینب حسێن موسا

–له شاری خانه قین  گوندی ئه رکەوازی لەدایکبووە.

– ٢٠٠١په یمانگەی مامۆستایانی خانه قین– تەواوکردووە.

– ٢٠٠٤–یەکەم پیشانگەی تایبه تی له خانەقین.

–٢٠٠٥ دووەمین پیشانگەی تایبه تی له خانەقین.

– ٢٠٠٧ سێیەمین پیشانگەی تایبه تی له خانەقین.

– ٢٠٠٩چواره مین پیشانگای تایبه تی له خانەقین.

– ٢٠٠٢وه مامۆستای شێوەکارییه له سه نته ری  لاوانی خانه قین و قوتابخانه سەرەتاییەکان

– بەشداری چەندین پێشانگەی هاوبەشەکانی له خانه قین  و ده ربه ندیخان و بەغداد کردووە.

– بەشداری چەندین فیستیڤاڵی کردووە لەوانە فیستیڤاڵی گه رمیان ٢٠٠٤ ٢٠٠٨– ، فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری سلێمانی،

فیستیڤاڵی گه رمسّر،  فیستیڤاڵی نوسەر (عبدالمجید لوتفی)له ٢٠١٠/١٠/٢٧.







## هودا ئەحمەد سەبری



–١٩٦٦ دایك بون.
–١٩٩٩ دەرچویا ئەكادیمیا بەغدا پشكا دیزاین.
–١٩٩٢ پێشانگەها تایبەت لە دهوك.
– ١٩٩٦ پێشانگەها تایبەت ١٩٩٦ دهوك.
– ٢٠٠٨ پێشانگەها تایبەت بەرلین.
– پشكداری پتریا خولێن گەلەری دهوك
– پتر ژ ٣٥ پشكداریان هەنە ل دهوك هەولێر سلێمانیێ







## هبه یونس

- ١٩٨٦ له دایك بون.
- ٢٠٠٦ دەرچویا پەیمانگەها هونەرێن جوان / دهوك.
- ٢٠٠٨ پێشانگەها تایبەت دهوك.
- ٢٠٠٩ پێشانگەها تایبەت دهوك.
- پشكداری پیشانگەها دار البین بەغداد.
- ٢٠٠٦ پشكداری پێشانگەها(برا قالا).
- ٢٠٠٩ پشكداری خولا نەه یا گەلەری دهوك.








## هێرۆ کریم حسین



–١٩٧٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.
